# شار و ناسنامە
# شار لە تێڕوانینی (جەلالی میرزاکەریم)دا

**حەمە مەنتک**
**(زانکۆی سەڵاحەددین - کۆلێژی پەروەردەی شەقڵاوە)**

مرۆڤ بۆ ئەوەی لە هەموو ئەو شتانەی لە ژیانیدا ڕووبەڕووی دەبنەوە و پێیدا تێپەڕ دەبێت، بمێنێتەوە، دێت شار دروست دەکات. هۆکاری ئابووری دەبێتە یارمەتیدەرێکی باشی گەشەکردن و فراوانبوونی کۆمەڵێک شاری مۆدێرن و گەورە، ئەویش بۆ ئەوەیە مرۆڤ پتر هەست بە ئارامی و ئاساییش بکات. شار زمانی مرۆڤە دژ بە سروشت و مەترسییەکانی کە مەترسین بۆ سەر ژیانی مرۆڤ. شار بەو پێیەی دیاردەیەکی شوێنییە، بەپێی سەردەمەکان لە گۆڕاندایە و کۆمەڵێک ئەرکی هەیە، کەواتە شار بە درێژایی سەردەمەکان بە کۆمەڵێک ڕەمز و ڕەهەند و دەلالەتی جیاواز بارگاوی دەبێ.

شار و کۆمەڵ پێوەندییەکی زۆریان بەیەکەوە هەیە، بۆیە کاتێک "ئەفلاتوون" شارە یۆتۆپیاکەی دروست دەکات، خەڵک دەکاتە چەند دەستە و گرووپ، چونکە بە بڕوای ئەو مرۆڤەکان سەرەتا کۆمەڵ و دەستەی بچووکن، هاوکاری یەکدی دەکەن بۆ ئەوەی خواردن و جلوبەرگ و شوێن بۆ یەکدی دابین بکەن، ئەمە بەردەوام دەبێت تا شار دروست دەکەن، کەواتە سەرەتا شار لەپێناو دابینکردنی پێداویستی دروست دەبێت، ئەمە جۆرێکە لە شاری مرۆڤی سەرەتایی، بەڵام کاتێک پێداویستیی نوێ دێتە پێشەوە، ململانێی نێوان تاکەکان و کۆمەڵەکان دروست دەبێت، ئەوە مرۆڤەکان سوپا دروست دەکەن، کارگە دادەمەزرێنن، بەهێزەکان، بێ هێزەکان لەناو دەبەن، لێرەدایە چەمکی دادپەروەری نامێنێت. "ئەفلاتوون" هەوڵ دەدا شارێک بنیاد بنێت کە دادپەروەری تێدا بێت، ئەویش لەپێناو دابینکردنی باشترین ژیان. لێرەدا من نامەوێ مێژووی شار و ڕەهەندەکانی شار و شوێن ڕاڤە بکەم و باس بکەم، بەڵکو دەمەوێ لەو ڕێیەوە ڕەهەندی شار وەک ناسنامە لە شیعرەکانی "جەلالی میرزا کەریم"دا لێک بدەمەوە.

شار چ وەک ڕەمز، چ وەک دەلالەت لەناو دەقی زۆربەی شاعیران و ڕۆماننووساندا ڕەنگی داوەتەوە، بەتایبەتی ئەو شارانەی لەژێر چەپۆکی داگیرکەراندا بوونە، هەمیشە نووسەرەکانیان شاریان وەک ناسنامەیەک بۆ بوون و نەتەوە و خەباتی خۆیان تەماشا کردووە، کەواتە شار وەک زێد و شوێنی یادگاری منداڵی، هەمیشە بۆ شاعیران بوونەتە هەوێنی شیعر. دەیان و سەدان بەرهەمی نووسەرانمان هەن، کە جوانی شار و کاریگەری شەڕیان لەسەر شار باسکردووە. بۆ نموونە (وێرانە خاک)ی "ئیلیەت"، (گوڵی خەراپە)ی "بۆدلێر" کە باسی ئازار و ململانێیەکانی مرۆڤی شار دەکەن. تەنیایی و ئازارەکانی ژیانی شار تێمەی سەرەکی بەرهەمەکەی "بۆدلێر"ن، کەواتە ((شار هەم سەرنجڕاکێشە و هەم تۆقێنەر.))



جەلالی میرزا کەریم

[سیوەیلی، ٢٠٠٨، ل٥٢] شار سەرنجڕاکێشە بەوەی دەبێتە هەوێنی دەیان دەقی ئەدەبی و سەرهەڵدانی ژانرێکی وەک ڕۆمان، تۆقێنەرە بەوەی مرۆڤ لەوێدا تەنیا دەبێت، بەر ئازارەکانی ژیانی جەنجاڵی شار دەکەوێت، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە لەناو کورددا (هەرچەندە باوەڕم بەوە نییە شار بە واتا مۆدێرنەکەی لە کوردستاندا هەبێت) شار کاریگەری لەسەر دروستبوونی ڕۆمان نەبووە، بەڵام بۆ شیعر کاریگەریی هەبووە. دەبینین جەزیرە و بۆتان دەبنە هەوێنی نووسینی دەقێکی وەک (مەم و زین)، "حاجی قادری کۆیی" کاتێک دەچێتە ئیستەنبوڵ لەوێ جۆرێکی دیکە لە شیعر دەنووسێت، هەمان شێوە "پیرەمێرد" کاریگەری ئیستەنبوڵ و شارەکانی دیکەی دەوڵەتی عوسمانی بەسەر دەقەکانییەوە دیارە.

شیعری (داستانی شار)ی "جەلالی میرزا کەریم" هەوڵێکە بۆ پێکەوە بەستنی شار و ناسنامە. شار ناسنامەی کوردبوونی خۆی لە مرۆڤەکانییەوە دەبینێت. ئەوەی جێی سەرنجە، شار بەدوای ناسنامەی خۆی لە مرۆڤەکاندا دەگەڕێت، نەک مرۆڤ شار بکاتە ناسنامەی خۆی، کەواتە شار ئازادیی خۆی لە ئازادیی مرۆڤەکاندا دەبینێتەوە، بۆیەش "فوکۆ دەڵێت: ((ناکرێ بڵێین بەجێهێنانی ئازادی، بە تەواوی لەو دابەشبوونە فەزاییەی کە تێیدا دێتە ئەنجام دابڕاوە.)) [سیوەیلی، ٢٠١٠، ل١٩٤] کەواتە شوێن/شار و بەرهەمهێنانی ئازادی، پێوەندی ڕاستەوخۆیان بە یەکەوە هەیە. لەم شیعرەدا شار دەبێتە بوونێک، خاوەن چیرۆکی خۆیەتی، شار دەبێتە ناسنامەی ستەم و زوڵم، چونکە ئەوە شارە گەواهیدەری کۆی ستەم و زوڵمەکانی داگیرکەرانە. شاعیر لە سەرەتای شیعرەکەدا خۆی بە منداڵێک دەچوێنێ کە هیچ شتێک لەبارەی ژیان و بارودۆخی میللەتەکەیەوە نازانێت:

**نەم ئەزانی بۆ؟**
**ئەستێرەکانی درەوشاوەی شەو..**
**تاک و تروکیان هەروەکو پشکۆ**
**ئەکشانە خوارێ بۆ ناو گەرووی خەو..**
**ئەیان وت : گیانی مرۆڤێکە.. وا**
**لە گڕی کوورەی مردنا سووتا.**

هەموو منداڵێک پرسیاری هەیە، پرسیارەکانی منداڵ هەوڵێکە بۆ دروستکردنی ناسنامەیەک بۆ خۆی، وردتر بڵێم بۆ دۆزینەوەی ناسنامەی خۆیەتی. کاتێکیش منداڵ بەرانبەر دیاردەیەک لە دیاردەکانی ناو ژیان پرسیار لە دەوروبەری دەکات، ئەوە کەسە گەورەکان بە وەڵامێکی ئەفسانەیی، یان خەیاڵی وەڵامی پرسیارەکە دەدەنەوە، چونکە دەزانن، مێشکی منداڵ ناتوانێ هەموو شتێک پەسەند بکات. دەبینین لێرەدا منداڵێک هەیە، پرسیاری لەبارەی کشانی ئەستێرەوە هەیە، وەڵامەکە بەشێوەیەکە لەگەڵ واقیع و ئەو شتانەی منداڵ ئەزموونی کردووە، یان بە چاوی خۆی دیویەتی یەکدێتەوە. هەموو منداڵێکی تەمەن سێ/چوار ساڵان مردنی کەسانی دەوروبەری دیتووە، بۆیەش وەڵامەکە ئەوەیە هەر کەسێک بمرێت، ئەوە ئەستێرەیەک دەکشێت. شاعیر لە فەزای دەقەکەدا زەمینەسازی بۆ بابەتەیلێک دەکات کە دواتر دەیەوێ ڕوونیان بکاتەوە.

شار لەم شیعرەدا ڕەهەندێکی ستەملێکراوی هەیە، شار هەمیشە غەدر لێکراوە. ئەمە دەبێتە ناسنامە و شوناسی شار. ئاشکرا سەردەمی مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە بە سەردەمی ونبوونی ناسنامە و شوناسەکان دەژمێردرێت. ساڵی (١٩٥٨)، کە ئەم شیعرەی تێدا نووسراوە، نەتەوەکان لە هەوڵی دەستخستنی ناسنامەکانیان بوون، سەردەمی دوای دووەمین جەنگی جیهانییە، پاش وێرانکارییەکانی جەنگ، هەموو میللەتان دەیانەوێ بە شێوەیەک لە شێوەکان ناسنامەیەک بدەنە خۆیان. ((ناسنامە بەردەوام بەهۆی ڕەنگەکانەوە

تەعبیر لە خۆی دەکات. بەهۆی فرەڕەنگییەوە ڕووناکی خۆی دەبەخشێ، لە ڕێگەی فرەڕەنگی هاوگونجانی ڕەنگەکان هارمۆنیەت دروست دەکات.)) [عەبدوڵلا، ٢٠٠٥، ل٦٥] شاریش یەکێکە لە ڕەنگەکان کە مرۆڤەکان دەیانەوێت لە ڕێیەوە ناسنامەی خۆیانی تێدا بدۆزنەوە، بەڵام چ شارێک!

**هێشتا مناڵ بووم..**
**چۆلەکەیەکی بێ پەڕوباڵ بووم،**
**نەم ئەزانی شار..**
**بۆچی جارەوبار،**
**باخی ئاگری وشک و بێ بەری،**
**گوڵی خوێناویی لێ هەڵئەوەری.**

*** * ***

**بۆچی مناڵمان..؟**
**بۆچی ئاسمانمان..؟**
**بۆچی بەهاری بێ سەوزەگیامان؟**
**بە گریان فێرن..**
**بۆ کانی ئاومان..؟**
**نمەی بارانمان..**
**شیلەی گەنمی پێ شێل کراومان..**
**هەر تفت و سوێرن.**

شارێک هەمیشە ستەم لێکراو، شارێکە بەردەوام لەناو ئاگری دوژمندا دەژیەت. شار وێنەیەکی لە زەینی منداڵیی شاعیردا دروست کردووە، بەردەوام ئەو وێنەیە پرسیار لە کن شاعیر دروست دەکات. شارێکە بەردەوام منداڵەکانی چاو بە گریانن. ئەم شیعرە، شیعرێکە بەردەوام کۆمەڵێک پرسیاری لە خۆیدا هەڵگرتووە، بێ گومان پرسیار دژ بە سۆز و عاتیفەیە، چونکە پرسیار پتر عەقڵانییە و عەقڵ ڕۆڵی لە بەرهەمهێنانیدا هەیە، هەرچی سۆزە، ئەوە خەیاڵ و دەروون ڕۆڵیان لە بەرهەمهێنانیدا هەیە، کەواتە لە یەکەم بەرکەوتندا شاعیر لە ڕێی منداڵیی خۆیەوە پرسیار دەوروژێنێ. دەمەوێ بڵێم ئەم شیعرە هەڵگری جۆرێک لە فیکرە، بەوەی پرسیار منداڵی فیکرە. من سەیری ڕووکەشی وشەکان ناکەم، بەڵکو دەبێ لەودیو وشەکان ڕامێنین. ڕەنگە خوێنەر بپرسێت، ئەدی یادکردنەوە و گەڕانەوە بۆ ڕابوردوو و سەردەمی منداڵی جۆرێک نییە لە سۆز بۆ ڕابوردوو؟ ئایا ئەم ڕستانەی شاعیر جۆرێک نییە لە شیوەن بۆ ڕابوردوو؟ ئایا شاعیر نابێت سەر بە ئایینده بێت؟ ئەم پرسیارانە پرسیارگەلی عەقڵانین و لە جێی خۆیانن. ئەگەر سەیری کۆی شیعرەکە بکەین، شیعرەکە لە ستایشکردن بەدەرە، واتە شاعیر نایەت ستایشی ڕابوردوو بکات، ستایشی سەردەمی منداڵیی خۆی بکات. لە سیستمی ستایشکردندا هەمیشە پرسیارەکان ونن، کەواتە ((چەمکی یاد لەسەر دووبارەکردنەوە بەندە، دووبارەکردنەوەی سارمۆنیایەک، کەشوهەوایەک، کە تێیدا ئامادەیی دەبەخشرێتەوە بە ڕابوردوو.)) [سیوەیلی، ٢٠١٣، ل١٨٨] شاعیر بە بوونی پرسیار لە ڕابوردوو، بەتایبەتی ڕابوردووی شار، هەوڵ دەدا پرسیار لەبارەی بوونی شارەوە بکات. لێرەوەیە شاعیر هەوڵی نیشاندانی شارێک دەدات، شارێکی ناشیرین، نەک پیرۆز، ڕابوردوویەکی وێران، نەک ستایشکردنی ڕابوردوو. لە ڕابوردوودا ڕاستە لەبەر چاوی شاعیر کۆمەڵێک شتی ناواقیعی ڕوویانداوە، بەڵام ئەو شتانە بۆ ئەو بوونەتە پرسیار، هێشتا هۆشیاریی ئەوەی نەبووە لێکدانەوەیەکی واقعییان بۆ بکات. چۆن لای سەیربووە ئاسمان بۆ باران دەبارێنێت، ئاوایش لە کنی سەیر بووە، بۆ دەبێ منداڵانی شارەکەی هەمیشە چاو بە فرمێسک بن. ئەمە پیشاندانی ڕابوردوویەکی ناشیرین و ناخۆشە، ڕابوردوویەک هیچ شکۆیەکی بۆ مرۆڤەکان تێدا نییە.

شار لە کن شاعیر کەسێکە خاوەن داستان و چیرۆکی خۆیەتی، نەک تەنێ چیرۆکێک و داستانێک، بەڵکو دەیان چیرۆک و داستان. جا چ داستانی مێرخاسان و شکۆمەندی، یان داستانی مەرگ و نەهامەتی بێت. لێرەشدا منداڵیی شاعیر خۆی لە گێڕانەوەی داستانە مێرخاسییەکانی شار بە دوور دەگرێت، بەڵکو داستانی نەهامەتی شارمان بۆ دەگێڕێتەوە، ئەمەش ڕاستەوخۆ بەخشینی ناسنامەی نەهامەتییە بە شار.

**داستانەکەی شار : ئەیگێڕێتەوە**
**پێشەوایەک مرد.. کەس بۆی نەگریا**
**ڕابەرێکی تر.. وا بەڕێگەوە**
**هەبێ؟ ئەمجارە پێشوازی بکا؟**

*** * ***

**ئەڵێ : لەم شارە..**
**گۆشتی ڕزیوی لاشەی کرمەڕێز**
**بۆ جانەوەری پەنای سێدارە**
**ئەکرا بە پارووی خۆراکی بەپێز.**

*** * ***

**نێزەی چاو چنۆک..**
**هەر تەڕبوو، سووربوو. خوێنی دەم چەقۆ**
**دار بێ سێبەر بوو.. هەور بێ تنۆک**
**توێژاوی خوێ بوو ڕوخساری ئاسۆ.**
*** * ***
**ئەڵێ : دەمێک بوو دەروازەکەی شار**
**بە ئەڵقەڕێزی ڕق داخرابوو**
**دوا ورتەی زامی لێوی خەم بەبار**
**لە دووتوێی سنگی مەرگا نێژرابوو.**

شار دەبێتە شوێنی تەراتێنی ستەم و داگیرکەران، شار دەبێتە شوێنێک بۆ ئەوەی داگیرکەران سیاسەتی خۆیانی تێدا جێبەجێ بکەن. بۆ "پێشەوا قازی" لە مەیدانی چوارچرای ناوەندی شار لە سێدارە دەدرێت؟ بۆ سەردەمی ڕژێمی بەعس، خەڵکانێکیان لەناوەندی شار و بەبەرچاوی خەڵکەوە گوللەباران دەکرد؟ ئەمە ئەو شارانەن کە شاعیریان هەراسان کردووە، شارێکە ناسنامەی خۆی لی سەندراوەتەوە، چونکە ڕۆڵەکانی شار لە باوەشی شاردا لە سێدارە دەدرێن. ڕژێمەکان سنووری خۆیان لەگەڵ شار لە ڕێی زەبروزەنگەوە دەستنیشان دەکەن. (دەمێک بوو دەروازەکەی شار/ بە ئەڵقەڕێزی ڕق داخرابوو)، کەواتە دەسەڵات هەوڵی داڕشتنی، یان بڵاوکردنەوەی هێز و زەبروزەنگ دەدات، بە ئامانجی ترس خستنە دەروونی هاووڵاتیانی شار. دەسەڵات دەیەوێت سنوورەکانی شار بۆ خۆی کۆنترۆڵ بکات، واتە دەسەڵات دەیەوێت شار دەستەمۆ بکات، چونکە هەر کاتێک شار دەروازەکانی بە ڕووی دەسەڵاتدا دابخات، ئەوە ئەو دەسەڵاتە بەرەو نەمان دەچێت، بۆیە دەسەڵاتیش سنوورەکان لە بەرژەوەندی خۆی و بە ڕق کۆنترۆڵ دەکات. هاوکات لەناوەوەی شار دەسەڵات دەیەوێت هەموو شتەکان بگۆڕێت، ئەویش بە لێسەندنەوەی سێبەر لە دار، لێسەندنەوەی تنۆکی باران لە هەور، لێڵ کردنی ڕوخساری ئاسۆ، هەموو ئەمانە جوانییەکانی شارن، بەڵام دەسەڵات دێت، وێرانیان دەکات، یان بە واتایەکی دیکە دەیانگۆڕێت بۆ فیگەری دیکە. بۆ نموونە لە جیاتی دروستکردنی سەوزایی و پەیکەری هونەری لە مەیدانی چوارچرادا، دێت سێدارە دەچێنێت و پێشەوا لەوێ لە سێدارە دەدات. ئەویش بۆ ئەوەیە تا ئەو وێنەیە لە مێشکی خەڵکی بچەسپێنێت کە تا مەیدانی چوارچرا مابێت، ئەوە مەرگ بە بیر خەڵک دێتەوە، وێنەی سێدارە بەردەوام ئامادەیی لە بیرکردنەوەی خەڵکی شاردا دەبێت، تەنانەت بۆ سەدان نەوە دوای لە سێدارەدانەکە. دەسەڵات بۆ نیشاندانی دەسەڵات و زەبروزەنگی خۆی شوێنەکان فراوان دەکات، زەبروزەنگ دەهێنێتە شوێنی کراوەی وەک مەیدانی شار و ناوەندی شار، ئەویش بۆ چەسپاندنی هێز و دەسەڵاتی خۆی. شار دێت تۆماری ئەو ناشیرینیانەمان نیشان دەدات، بۆ ئەوەی بە نەوەکانی بڵێت ئەوە ناسنامەی من نییە، بەڵکو ناسنامەیەکی دیکەیە لەلایەن هێزێکی دیکەوە بەسەرمدا سەپێندراوە، چونکە پێش لە سێدارەدانی "پێشەوا" شار سیمایەکی دیکەی هەبووە، ئەویش لەڕێی دەسەڵاتی کۆماری کوردستانەوە بوو، بەڵام کاتێک ناسنامەیەکی دیکە بە شار دەبەخشرێت، ئەویش شار دەکەن بە شوێنی مەرگ. هەموو ئەو تۆمارانە لە ڕێی شیعرەوە تۆمار دەکرێن. ((کەواتە ئەوە نووسینە، یان کردەی شیعریییەتە کە دەتوانێ بوونە لە یادکراوەکان و ئەزموونە پەرشوبڵاوەکان، یان نەگوتراوەکان لە ڕەنگ و تام و خەسڵەتێکی خودییانەدا، تایبەت بەو ئەزموونە ناوبەخش بکا.)) [هەندرێن، ٢٠٠٨، ل٤٨] شیعر لێرەدا دەبێتە نووسینەوەی هەموو شتە لەیادکراوەکان، ئەمە هەوڵێک نییە بۆ شیوەنکردن بۆ ڕابوردوو، بەڵکو هەوڵێکە بۆ نووسینەوەی خود، نووسینەوەی هەموو ئەزموونە پەرشوبڵاوەکانی شار، بۆیە لە کۆتایی ئەم چەند کۆپلەیەشدا پرسیارە ڕاستەقینەکە دەکات (شار دەبێ ئاوا بێ؟) ئەمە هەوڵێکە بۆ پێناسەکردنی شار، واتە شاعیر هەوڵی خستنەرووی دیمەنی شاری لە سایەی ڕژێمێکی داگیرکەر داوە، پرسیار لە بوونی ئەو شارە دەکات. لەسەرەوە کە گوتمان "جەلالی میرزاکەریم" هەوڵ دەدا فیکر بێنێتە ناو شیعرەوە، لێرەوەیە، ئەوەتا پرسیار لە بوونی شار دەکات، شارێک کە ئەو دەزانێت ئەوە بوونی ڕاستەقینەی شار نییە، هەر بۆیە بە پرسیار گومان دەخاتە مێشکی خوێنەرەوە. ئەم گەمەکردنە لەگەڵ مێشکی خوێنەر، بردنی خوێنەر بەرەو ئاسۆیەکی دیکە، چاوەڕوانییەکانی خوێنەر زیادتر دەکات.

**کاتێک ئەم شارە..**
**لەناو شەقامی کپ و خامۆشیا**
**لە گۆڕستانی بێ کفن پۆشیا**
**چزووی کۆڵەکەی قورسی سێدارە**
**بە گیانیا چزا..**
**بە چاویا چزا..**

**لە دوا هەناسەی دۆزەخی ڕەزا**
**لە کوێرە ڕێگەی هەورازی خزا**
**سەرەتای وشە**
**بروای پڕ ورشە**
**ڕەش ئەکرایەوە..**
**بۆ ناو گەرووی مەرگ.. بەرئەدرایەوە.**
*******
**کاتێک ئەم شارە.. لە باخی ڕووتیا**
**لە چاوی ماتیا،**
**گوڵ ئەپرووێنرا..**
**چۆلەکە.. مرۆڤ.. قەلاچۆ ئەکرا**
**شار وای لێ کرا..**
**وای بەسەر هێنرا،**
**کەچی ئەبینرا،**
**ژانی چەند ساڵە..**
**ئەکرایە پیاڵە،**
**گولاڵە سوورە ئەکرا بەژاڵە**
**بە ناحەق ناوی کورد و کوردستان**
**بووبوو بە نیشان**
**بۆ مۆڵگەی تاوان.**

شاعیر کۆمەڵێ دەلالەت و نیشانە بۆ کۆمەکی خوێنەر دەخاتەڕوو، بۆ ئەوەی خوێنەر لە ڕێی ئەو نیشانە و دەلالەتانە هەوڵی پێناسەکردنی شار بدات. شارێک لەناو شەقامەکانیدا لە جیاتی داری سەوز، داری سێدارە بچەقێنرێت، شارێک هەموو شتێکی لە ڕێی سێدارەوە بەرەو قورگی مەرگ ڕەوانە بکرێت، دەبێ چۆن پێناسە بکرێت، دەبێ ناسنامەی ئەو شارە چی بێت؟ تاکەکانی ناو شار بە ناڕاستەوخۆ لە ڕێی دیمەنی سێدارەوە دەکرێن بە کۆیلە، دەمەوێ بڵێم ئەمە هەوڵێکە بۆ چاندنی ترس و کۆیلایەتی لە دەروونی تاک. شارێک باخەکانی ڕووت بکرێنەوە، چۆلەکە و مرۆڤ بەیەکەوە بکوژرێن، گولاڵە سوورە بکرێ بە ژاڵە، هەموو ئەمانە هەوڵن بۆ چەسپاندنی وێنەیەکی بێ هەست و نەست. هەوڵن بۆ ئەوەی تاک لەو جۆرە شارانەدا بکرێن بە کۆیلەی سیستمی دەسەلات، بۆ ئەوەی بیرکردنەوەی تاک، دیدی جوانبینانەی تاک لەناو ببرێت. ئەمانە هەوڵن بۆ چەسپاندنی کولتووری توندوتیژی، کولتووری خۆسەپاندن و چاوترساندن، ئەویش لە ڕێی کوشتنی جوانییەکانەوە. ئەگەر سووکە ئاورێک لە شارەکانی سەردەمی بەعس بدەینەوە، هەمیشە چوارڕیان و دەروازەکان بە وێنەی (سەددام حسێن) دەڕازێنرانەوە، بۆ ئەوەی هەمیشە تاک وەک کۆیلەیەک گەورەکەی لەپێش چاو بێت، بۆ ئەوەی بەردەوام بیر لە سەرکردەی پیرۆز بکاتەوە. ئەمانە جۆرە زمان و بەلاغەتێکیان لە مێشکی تاکی کورددا چەسپاندبوو، هەمیشە ((بە شانوشکۆی عێراق و نەتەوە و حزب و چین و سەرکردە و شێخەکاندا هەڵدەدات.)) [عەلی، ٢٠٠٣، ل١٨] ئەم کولتوورە تاک لە مرۆڤەوە بۆ ڕۆبۆت دەگۆڕێت. شاعیر هەوڵی نیشاندانی ئەو دیمەنانە دەدات کە لە ڕێیەوە هەوڵی دیاریکردنی ناسنامەی شار دەدات. دەمەوێ بڵێم شاعیر لە ڕێی ئەو دیمەنانەوە ئەو گۆڕانکارییانەی دەسەلات لە شارێکی وەک (مهاباد)ی ڕۆژهەلاتی کوردستان دەیکات بخاتەڕوو. بۆ ئەوەی ئەو شوێنەی ئاڵا و ناوی کۆماری کوردستانە، بکات بە مۆڵگەی تاوان، واتە دەیەوێ نیشانی بدات هەر شارێک بیەوێت ناوی کوردستان هەڵگرێت، ئەوە وەک تاوان مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و بە مۆڵگەی تاوانی (لە دیدی خۆیەوە) هەژمار دەکات، کەواتە ئەوە دەسەلاتە داگیرکەرەکانن دەیانەوێ ناسنامە بە شار ببەخشن، بۆ ئەوەی وێنەیەکی وەها لە دیدی ئێمە بچەسپێنن، بۆ ئەوەی ئەو دیدە جوانبینییە و تێڕوانینەی بۆ زێد و شاری خۆمان هەمانە، بیگۆڕێت بەو دیدەی کە خۆی دەیەوێت، بۆیە لە سایەی دەسەلاتی ڕژێمەکانیشدا بەردەوام مەرگ ئامادەیی لەناو شارەکاندا هەبووە.

**سەرچاوەکان:**

**١- سیوەیلی (ڕێبوار)، ٢٠٠٨، نەتەوە و حەکایەت، بەرگی یەکەم، دەزگای موکریان، چاپی دووەم، هەولێر.**

**٢- سیوەیلی (ڕێبوار)، ٢٠١٠، پییەر بۆردیۆ و کۆمەڵناسیی فەلسەفی، دەزگای موکریان، هەولێر.**

**٣- سیوەیلی (ڕێبوار)، ٢٠١٣، دنیای شتە بچووکەکان، دەزگای زەریاب، چاپی سێیەم، هەولێر.**

**٤- عەبدوڵڵا (عەبدولموتەڵیب)، ٢٠٠٥، خوێندنەوەی پەراوێز، پەراوێزی خوێندنەوە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی، چاپی یەکەم، سلێمانی.**

**٥- عەلی (بەختیار)، ٢٠٠٣، وەلام لە ڕۆژگاری ونبوونی پرسیاردا، چاپخانەی قانیع، سلێمانی.**

**٦- هەندرێن، ٢٠٠٨، شەبەنگی بوون/ زایەڵەی دەق، یانەی قەڵەم، سلێمانی.**